پەستی سەرکی شارەوانی وان بەفەرمی رادەستی عەبدوڵا زێدان کرا

عەبدوڵا زێدان، کاندیدی دەم پارتی بە پەستی سەرکی شارەوانی وان کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئەمڕۆ بە فەرمی پەستەکەی رادەستکرا.

2ی ئەم مانگە، وەزارەتی دادی تورکیا بڕیاریدا بە لێسەندنەوەی پەستی سەرکی شارەوانی وان لە عەبدوڵا زێدان، کاندیدی دەم پارتی چونکە بە وتەی وەزارەتەکە ناوبراو کەشی یاسایی هەبوو، لە بەرامبەردا پەستی وەزارەتەکەی بەخشییە کاندیدێکی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی).

بەڕام دوای ناڕەزایی فراوان لە شارەکانی باکوری کوردستان و تورکیا، بڕیاردرا پەستی سەرکی شارەوانی وان بدرێتەوە بە عەبدوڵا زێدان کە لە هەڵبژاردنەکەی 31ی (ئازار/3)دا توانی بە بەدەستهێنانی 55%ی دەنگەکان توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

بەگوێرەی ئاژانسی میزۆپۆتامیا، ئەمڕۆ هەینی هەریەکە لە عەبدوڵا زێدان و نەسلیهان شەدال

بە فەرمی نامەی دەستبەکاربونیان پێدراو کرانە هاوسەرۆکی شارەوانی وان (هەمو ئەو ناوچانەی دەم پارتی سەرکەوتنی تیایدا بەدەستهێناوە بەشێوەی هاوسەرۆکی واتا ژن و پیاوێك بەوەدەبرێن).

لەکاتی وەرگرتنی بڕوانامەی دەستبەکاربونی هاوسەرۆکانی شارەوانی وان، سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی دەم پارتی ئامادەبون و دروشمی سەرکەوتنیان وتەوە